www.kurdistannet.org
04/07/2002 02:22

بۆ بەرچاوی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال

ئەنفال و کیمیاباران. . ئەڵمانیا و ئیسرائیل

بەکر شـــــــوانی/کۆڵن

بەپێی وتارێك کە بە پێنوسی ڕۆژنامەوانی ئیسرائیلی عامی ئیتینگەر نوسراوە و لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٢/٦/١٦ ی ڕۆژنامەی مەعاریف–دا بڵاوکراوەتەوە و، ڕۆژی دواتر بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی القدس العربی–دا چاپکراوەتەوە؛ ئەڵمانیا بەهۆی هەستکردن بە تاوان چەند گەمیەکی ژێرئاو بە ئیسرائیل دەبەخشێت. لەم نوسینەهەواڵەدا هاتووە دوای ئەوەی ئاشکرابوو کە کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا هاوکاری عێراقیان کردووە لە پێشخستنی چەکی کیمیاویدا, حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاری داوە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی تەلئەبیب، چەند گەمیەکی نوێی ژێرئاوی بە ناوەکانی دۆلفین, لۆفیتان و تکۆما بۆ ئیسرائیل دروست بکات.

لەدوای ئەو کۆمەڵکوژیە گەورەیەی لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا لە ئەڵمانیا بەسەر گەلی جولەکەدا هات کە دواتر بە هۆلۆکۆست ناوبرا, ئەڵمانیا ناچارکرا قەرەبووی زیانی قوربانیەکان بکاتەوە. هەڵبەتە گەلی جولەکە وەك کۆمەڵە مرۆڤێك کە لە قۆناغێکی مێژوویدا دووچاری سەختترین شێوازی لەناوبردن بووەتەوە، مافی خۆیەتی بەدوای مافی خۆیدا بگەڕێ و بۆ ئەو مەبەستە هەموو هەلێك بقۆزێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت ئەوان لەو بوارەدا چالاکن و دەکرێ کورد سود لە ئەزمونەکانیان وەربگرێت.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە چەکی کیمیایی عێراق کە بەپێی چەندین بەڵگەنامە هەندێك لە کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا ڕۆڵیان هەبووە لە پێشخستن و دروستکردنیدا, لە دژی گەلی کورد بەکارهێنرا, کەچی ئەڵمانیا زیان بۆ لایەکی تر قەرەبوو دەکاتەوە. من نامەوێ لێرەدا بڵێم دەبێت حکومەتی ئەڵمانیا زیانەکانی گەلی کورد قەرەبوو بکاتەوە, چونکە ئەمە ئامانجێکە پێکهێنانی بەندە بە هەوڵ و تەقەلاکانی خۆمانەوە. بۆیە دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە تواناکانمان یەك بخەین و هەموو ڕێگایەکی یاسایی و دیموکراتی بگرینەبەر بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێك لەو زیانە زۆرەی کە لە ئەنجامی چەکی کیمیایی دا بە گەلی کورد گەیشتووە. واتا با شانبەشانی هەوڵدان بۆ دادگایی کردنی لێپرسراوانی کارەساتەکانی کیمیایی و ئەنفال, هەوڵ بدەین بۆ بەکێشکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە دەستیان هەبووە لە پێشخستنی چەکی کیمیایی عێراقدا. ئەرکی سەرەکیش لەم بوارەدا دەکەوێتە ئەستۆی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال کە خەریکە شێوازی دەزگایەکی سڤیلی چالاك بەخۆوە دەگرێت و پشتیوانی ڕای نێودەوڵەتیش بەدەست دەخات کە ئەمەش ڕەهەندێکی قوڵتر بەکارەکانی دەبەخشێت.

تێبینی:

ماوەیەکە بە ناردنی ڤایرۆسی کۆمپیوتەر هێرشێکی بەرفراوان دەکرێتە سەرم و ڕۆژانە دەیان نامەی ڤایرۆساویم بۆ دێت. گرفتەکە لەوەدایە ئەم ڤایرۆسە زۆر پیسە و بە زوویی تەشەنە دەکات. ئەگەر نامەیەکی ڤایرۆساوی بە ناوی منەوە ئاڕاستەی هەر دۆست و برادەرێکی هێژام کرا، ئەوا با بزانێ کە لە ویستی من بەدەرە و پەیوەندی بەو هێرشەوە هەیە کە دەکرێتە سەرم.